بەگوومان وەلامی " بێ خودا تاوانبارە" کە تەروانینەکی باو و تا ڕادەیەک بەرینی ناو کەمەلگای "خوەندەواری" کوردییە، ، زادەی دادگایکردن و خوەندنەوەیەکی قوڵی جێگاو ڕێگای ئایین نییە لە پرسەی ئینفالدا، بەڵکو دەرئەنجامی بیرکەوگردانی سووڕاتی ئینفالی ناو قورئانە لەگەڵ ناوی ئەو ئەپڕاسیۆنە سەربازییەی کە ئینفالی کوردەکانی تیا ئینجامدەدرێت. بە بڕوای من، ئەم پێکەوەلکاندن و پێوەندیسازکردنە ، کاردانەوەیەکی سروشتی و تا ڕادەیەک زۆر سادەی قوربانییە کە دەیەوە وەڵامیکی ئیجگار سانا بە پرسیارەکی قوڕ و ئاڵۆز بداتەوە. ئەوەشمان لە یاد نەچێت لە پاڵ کاردانەوەی ئینسانی تاکەکاندا و گەران بەشوێن پرسیاری بەچی ئینفالدا، ئەم پرسە لە کایەی سیاسەتدا دەخرێتە ناو گووتارەکی تووندی ناسیونالیستییەوە کە ناوەڕۆکەکەی دژە ئیسلام و عەرەبە. دەرئەنجامی ئەم پرسەیە، ئەمە دەبینە خاوەنی گوتارێک بە ناساندن و گەران بە دوای ئینفالدا کە لە بەرگێکی ئاینییەوە پێچراوە و وەلامی پرسیاری بەچی ئینفال لە ئیسلامدا دەدزێتەوە.

ئەم لێکدانەوەیەی تیفووری، ئینفالی کوردەکان دەخاتە ئەو چوارچێوە زانستییەوەی کە ئینسان بە سەرنجدان لەم پرسیارە گەورانە پێویستییەتی. هێواندنەوەی تەمی ئەو گوومانانەیشە کە لە دەوری

وشەی ئەنفال و بەکارهێنانە ئاینییەکەی هەڵچنراوە. بەم خوێندنەوە سادەتر و چاوکراوانەتر دەتوانێ ئەکتەرەکانی دەرگیر لەم پرسیارە ببینیت.

"هەڵچوونەکناسی ئەنفال"، یەکێك لەو پڕۆیستییە گرنگانەی ئینسانی کوردە بۆ ئەوەی بتوانێ بەبێ دەمارگیرییەکی ئاینی و نەتەوەییەوە لە بڕینەکانی خۆی بڕوانێت. پڕۆیستییەک کە دەمێک بوو دەبوا پێبکرایەتەوە.

1/ مانسوور تەیفووری، هەڵچوونەکناسی ئەنفال، 2022، چاپخانەی سوهرەوەردی

"کارنەقاڵەی گێڕدانەسەرپشکان".. 'دەقی: شەرزاد حەسەن'

(هەتا چارشۆ بەسەر تۆ دەبینم نازەنینی کورد
بەسەر بیلبیلەکەی چاوی مندا دەکشێ تەمکی تر
&
کە فرمێسکم لەسەر روخساری کیژی دەشکاو بینی
وتم یاخوا لەسەر سوورگۆ نەبینم شۆنمکی تر)
"هەمن موکریانی"
&
{شایی خوێن}

- ژینا گیان.. ماڵئاوا.. چ باسێ هێنووکە لە ئاسمانێ؟ یان بە ڕەح و جەستە لەو ماندووتریت کە ئەم سەرزەمینە بەجێبهێڵیت، سەز و میهر و نەستاڵژیای تێ لەگەڵ خاك و خۆشی و ناخۆشی خەڵکانێکە کە کەمینەیەکی ئاشنان بە تۆ و هەم پەرشی ئەوانەشی کە نایانناسیت، من دنیام تێ ناخوازیت کەس پەنجەیەکی بریندار بێت یان مەرگەساتی خێت ئاسا.. بچڕێت،

چونکە دڵنیت کە ئەوانیش وەک تۆی خەڵکی ستەمدیدە و زامدار و لێوەبار و زەدە پێژموردە بوون. ژینای ماندووی ژێر دەستی زەمانە ئاخۆ هەنووکە خەوتوویت یان بێداریت؟ تۆ بەڵێت ئاگات لێو شەرش و هەرا و زەنا و گۆڤەندە نەبێت کە خوێن و خەنە و خەندە و خەم و خەشنوودی و خەیاڵی ئاگرین و خولیای سەرفرازی و سەربەستی.. دونیای تەنیوەتەوە؟ بە هەزارەها نەوبووک و کچانی نەباڵق و بەوەژن و دەرزەکەر و کڵاوەنشین و کەشکنشین هاوسەزی تۆن، چ مەینەت بن و چ نەرینە، لە خانمان و لە پیاوان، هەم یاخی و خوونبین بە ئایندەیەکی زەڕەوشان و موژدەبەر و مژدەهەن کە هاوسەز و هاوەردی تۆن.
هە نازەنین و نازدارەکەی هەر هەموومان کەمەکە سەر هەڵبڕێ و ببینە چ شایلەغان و جەش و خرۆش و جونبوشێکە کە دڵی هەر هەمووانی خستۆتە سەر ریتمی سروودی "ئەی ڕەقیب" و "خوایە وەتەن ئاوا کەی"، هەمدیس ئەتە سەرقافڵەچی هەزارەهای لەوانەی کە خوونیان بە شکاندنی قەفەزەکان و داووخانی قەڵا سەختگیرەکان و بەندیخانەکانەوە بینیوە، کە ببوون بە زیندان و گۆڕستان و سزاخانە و دەزگەخەکی هەڵایساو بە هەر هەموو ئەوانەی نەترسانە خوونیان بە دونیایەکی بەهادارتر و ئارامتر و یەکسانیخواز و مرۆڤپەروەرانە بینیوە کە بێتە بوون و ببێت بە هەقیقەتێکی ڕەها!

{قەچی قوربانی}

گیانی گیانان..گوتیان کە گوایە جوانەمەرگ بوویت.. وەلی حاشا.. هە ’بەور’ی ئازا و سەرمەشقی رابوونێک کە هەموومان خوونمان پێوە بینیوە، بەگومان جوانەمەرگ بوویت وەک خانمە شەرشقانی فرەنسایی "ژان دارک: ١٤١٢/١٤٣١""ی پاکیزە کە وەک تە دژی ستەم و بێدادی ڕەحی کەڵەگایی نەرسالاری و دزسالاری دەجەنگا، بەڵام ئەوە هەر تە بوویت.. هە ’تەوار’ی بەرزەفە کە باڵەکانت دەیدا لە بنی ’عەرشی فەڵەک’، هاوکات چریکەت تاریکپەرستەکانی کاس و هوە و گڕ کردووە و تەقاندوونی.. گەرچی لە چاوی ئەوانی کەنەپەرست و کوێری ڕەح و دە و مشک وای مەزەندە دەکەن کە تۆی فریشتەیان ڕەوانەی دۆزەخ کردووە! ئەوە تەیت.. هە تاقانەترین مەینە کە وەک خانمە شەرشقانەی "ڕۆژئاوای کوردستان" بە خوونی پاکی خۆت دونیات بێدار کردەوە و گرەوت بردەوە، کە نەک بە تەنها "ئەران" و بەس، بەڵکو لەسەر کەی نەخشە و جوگرافیای "ناوچەکانی ناوەراست"دا تە بوویت بە بەیداغ و

مەشخەڵ و نموونەی گیانفیدایی بە درێژایی چەندین سەدە، دەنگو مەملەکەتێك و مێژوویەک کە زیندان و قەسابخانەیە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان بە چەند و چوون، بگرە بانگی خوێنی تۆ هەر چوار قوژنەی دونیای تێنیوەتەوە. ئەتۆی خۆشەویست لای ملیۆنەها بوویت بە سیمبول و سەرمەشقی شۆرش و بەرخودان و شارەزمزی سەر هەر هەموو رەمزەکان، بگرە لە چاوی هەر هەموو هاوخوێن و هاوتوخم و هاورەگەز و هاوسۆزەکانت جوانییەکت بەجێهێشتووە بە ئەمە کە بارتەقای خۆن و خۆزگەی هەر هەموو مەردمگەلە ژیاندەست و جوانناس و جوانپەرست و بەرزە دەماغەکانە کە بە چ ئەفسوونێکی سادەیی رەحی پاک و خاکەای خەت هەر هەموومانت لە دەوری خەت کە کردەوە، ئەمەیەک کە بەر لە هاتنت چەندە پەرش و بڵاو بووین وەک ئاردی پەرت دەنگو دەک و داڵ و کەند و لەندەکان، دەنگو ئەم رەژگارەی کە سیخناخە بە پیاوانی گرگن و خەسیو لە بارەی رەحی و دژە ژن و کەی هاورەگەز و هاوتوخمەکەی تۆ!

{پایزنامە}

هەر لە پایز و خەزان مەلوولتر و هەم شاعیرانەتر، هەوڕینی تۆ لە یەک خیاباندا پایزی راگەیاند کە گوڵارەزانێکی وەدووی خەیدا هەتا کە هەزارەها خیابانی دیکە مژدەی بەهارێکی بە ملیۆنەها بەخشی، ماڵئاوایی تۆ چ موعجیزە و پەرجوویەک بوو کە هەر هەموومانی لەسەر سفرە و خوانی خۆشەویستی کە کردەوە؟ ئەویان چ سەنگینی و رەنگینی و پەرجوویەک بوو کە نواندت بە ماڵئاوایی و نامانی خەت؟ دەستان و دەژمنانی دەشت لەسەر هەمان ئەو خیابانەدا کەکردەوە و هەم لەسەر هەر هەموو جادە و کوچە و کۆڵانەکان و خیابانەکانی دیکە کە تۆ کردت بە ئاگردان و کوانووی بەرخەدان و خۆشەویستی و جۆش و خرۆشی سەرکەشی و خەونی زیندەگییەکی شکەمەندانە کە ئەگەر تا هەنووکە نەمانبووبەت و خەون بووبەت.. ئەوە تۆ لە پایزێکی غەمناکی نەو دە و رەحی ئەمەدا وەک تەتەر و پەیکی شارەزا هەنات و دەنگو چاوانی ئەمەدا چاندت.. هە خەونهەنە غەمین و بەجەرگ و خاکەاڵ و زەدە سەلار و سەنگینەمان!

ئەویان چ گەبەندەکە کە چەند تاقە مووێکی سەر و پرچی تۆ، یانژی قەفەک لە کەزی یاخی و هەڵاتوو و سرک و جوانی تۆ کە بە بەر چاوی هەزارەها خەیان لە رەفتە و سەرپەش راپسکاند تا بەکامی دڵی خەت هەتاو و هەوای پاک بیشواتەوە، ئاخر نادەکرا.. ئاخر خە نادەکرا جوانییەک لە ناو تەی قەشەنگ و جواندا بە درێژایی تەمەن و زەمەن

بخنکەت؟ ئەڕۆ بە ڕاست ئەمە لەسەر کام ئەستێرەدا دەژین کە سەر و پرچی تۆ پیاوانی هەوەسباز و خۆگر و هەم گۆگرتوو لە شەهوەت رشتندا بەم چەشنە هار و دڕیوی و دڵڵی و دڕهوی بکەن؟ ئاخۆ بە ڕاست دەکرێت بە تەنها بە بینینی سەر و پرچی کەت و بە سەرپشت دەزخ دەنەو ڕەحمی تەدا بتەقێننەوە؟ تۆ بەڵێت ئەوان و ئەمە جێنشینی هەمان ئەستێرە بین؟ ئەمن گومانم هەیە..!
ئاخر حیکمەتی تێدا نییە ئەوانی دیکەی ئیماندار و خوداناس زیندەقیان لە پرچ و پەرچەم و زولف و ئەگریجەی کچان و ژنان بچێت و بتەقن.. ئەوەیان چ سام و ترس و ‘فەبیا’کە بەرامبەر بە جوانییەک کە یەزدان یانژی سروشت بەخشیویەتی کە بە پەند و حیکمەت نییە.. پەحا و ئەفسووس و جۆخار و سەد حەیف و موخابن بە ئەو ئیماندار و بەوادارە بەستەزمانانە!

{پەرچەمی ئاگرین}
چ شەرم و شوورەیی بوو کە پیاوانی ئامەرد و ‘ڕەبەت’ ئاسا و ئەقڵ لە گوێ زیندەقیان چوو لە پای یاخیبوونی چەند تاکێک لە ئەگریجە و پەرچەمی نەترست، کە گوایە لە ترس و تاوی دزێ کردنی زولفی تۆ لەوەدایە “عەرشی فەلەک” بلەرزێت.. گەرچی ئەوەیان مەحاڵ و مەحاڵیش نییە. بەڵام.. بەڵام.. لە چاوی پیاوانی دار بەدەست و پاسەوانانی ئاداب و ئاکار ئەتۆ بوویت بە کانگا و و سەرچاوە و کوانووی گۆکان و تەفان و وەیشووم و بووملەرزە و فیتنە و فەساد و فسق و فجور و فاحیشە، کە بە ئەندازەیەک کوشندە و بەندە و ترسناک بوویت بە ئەوان کە لەوەدابەت دەزخت لە ئاسمانەوە گواستبێتەوە سەرزەمین و ئەم سەر بە ئەوسەری خیابانەکان، بە ڕادەیەک کە بە جوانی تۆ خرۆشان بەدەم هەنگامە و زەبر و زەنگ و خوێن هەڵچوونی ناحەزەکانت کە وەک ئەوە وابوو کە گۆکان و تەفان و زەمین لەرزەیەکت لە ژێر پێیەکانی ئەواندا بەرپا کردبێت.. وای لە پیاوانی زەدە لەرزەک و گرگن و گزگل و تەقیو لە سەبەر و بەن و بەرامە و نیگا و لەنجەی لەرزەکەمەر و ترپە و تەقەقەی کەوش و پێاو و حریتە حریت و قاقا و قریوەی لە ناکاوی خانمان.. وای.. وای!
گیانە.. ژینا ـ ی ئازا و جەربەزە و گوێخاتر.. خاترجەم بە کە ئەوە تۆ بوویت کە بە خوێنی رژوای خۆت ژینی ملیۆنەهات بە درێ خستەوە، ئەوانەک کە مردوون و بە خەیان نازانن، ئەوەتا لەسەر خیابانەکاندا مردووەکان ئەوەندە زەرن کە مەگەر مردووەکانی دیکەی گەستان رابن

و بەدار ببنەوە و میهر بنوێنن کە زیندە مردووەکانی دیکەی ئەم سەردەم و ڕۆژگارە بنێژن. ئەتە بە مەرگی خۆت سەلماندت کە ئەوانی گاگەل و نەرەوز و نەرگەل و هەم کەسگا نەیانزانیوە بژین.. بە هەق واتکرد و وا ژنەوتیت، ئەوانی نابووت و و پەپووت لە تە پەست و تووڕەن کە سەلماندت ئەمەی نەرینەگەلی ئەم دەڤەرە زیندانین لە پای ئەوەی دەمان بەوە خەشکردووە کە کچەکان و خوشکەکان و ژنەکان و دەستگیرانەکانمان کەیلە و بەندەواری ئەمەن، گوایە ئەمەی کەیلە و ترسنۆک تا ئەندازەی مەرگ شاد دەبین گەر ئەوە دەنەو ئەشکەوت و کونجی تاریکی ماڵەکاندا وەک باڵندە و مەڵی نەو قەفەز بژین و هەتاویش لێتان نەدات، وەک هوزار و بولبول بخوێنن بە ئەمەی کەس و گەل و لاڵ، کە تا هەنووکە نەمانزانیوە کە ئەوەی گیرخواردوو دەنەو قەفەز و بەندەواری فاقە و تەقە و تەپکە و داوی ئەمەدا دەچریکێنن، دەخوێنن، بەنام هەیهات کە وا نییە و خەمان لە گەلیی دەدەین، ئاخر خە ئەوە ناخوێنن و بگرە چریکە و چەهچەهە و جریوەتان زادەی خەشنوودی نییە، بەکو گریان و شیوەنێک و سینەکوتانە بە دیواری قەفەزەکان و دەرگا و پەنجەرەی شیشبەندی ناو خانووەکان و ماڵەکان کە بوون بە زیندانی جوانییەکان، چ کەلاوەنشین بن و چ کەشکنشین، کە دیارە ئەمەی نەرگەل و نەرەوزی کەودەن و و نەبان و حەل و یاغنیش دەرکی ناکەین و تەناگەین کە جریوە و چریکەتان خوەناوی جەرگ و کەفچەینی دەبەندی و گرینی ڕەحی پەژموردە و و ژەهراویبووونی خەیاڵ و خەون و زیندەگیتانە!

{تاریکپەرستەکان}

مەگەر نەتزانیوە کە وەها وێنای ژنان دەکرەت کە چ فریودەر و جادووگەرەکن، کە گوایە ئەوە لەژێر هەر تاڵە مووێکی سەر و پرچتان شەیتانەکتان حەشارداوە، کە ئەگەری فریودانی پیاوە ئیمان تەکمە و هەم لەرزەکەکانتان هەیە، ئەوەیان چ بەوا و ئیمانەکی تەنکەڵە و عەمبارەپڕیە کە وا زوو بە دەرکەوتنی پەرچەمی خانمەکی سەلار و سەنگین کە ویقار و شکۆیەک لە چاوانی تەدا شەوی دەیجووری ڕەشن دەکردەوە، دە من دلنیام ئەتە دەتزانی کە ئەوان هەترەشیان لەو پەشنگ و تین و تاو و چرایەک چووە کە لە ناو چاوانی تەدا نەو دە و ڕەح و مەشکی تاریکی ئەوانی ڕەناک کردەتەوە، ئەوان کە شەمشەمەکوێرە ئاسا دەگەڵ تاریکی راهاتوون، نەدەکرا ڕەشنایی تە چاڵ و گەڵ و خەرەند و بیری بە بنی نەو گیان و بوونی ئەوان بخاتە بەر دیدەی هەزارەها، کە دوا جار خەت کرد بە قوربانی وەک پەروانەی

دەوری شەمع و سووتایت تا هیچ نەبێت بە تاوێک ڕەحیان ڕۆشن بکاتەوە، وەلی تۆ چی بکەیت کە ئەوان نەیانەوێت ئەو خەڕەند و چاڵ و کونە تاریکەی ئەشکەوتی ناو مەشک و دڵ و ڕەحیان ڕۆشن بکاتەوە، خواستەکی وایان نییە کە ئەو زومەتەی ناو خەیان ببینن کە سیخناخ بووە لە مار و دوپشک و تیغ و زەمهەریر و سەسەڵ و پاشماوەی سەدەها جەوجانەوەر کە ئافات و وێشووم و زووخاوێک لە کینەبازی و ڕق و ژەهری شاماری حەوت سەریان هەڵگرتووە دەرهەق بە تۆ و هاوتوخم و هاوڕەگەزەکانت، کە ناسڕەون تا بەسەر جوانی تۆ و هاوڕەگەزەکانتدا یەقی نەکەنەوە و نەشڵەنەوە!

{نهێنی و تایبەتمەندی گەبەندەک}

ئەڕێ بە ڕاست ئەتۆ بە ئەنقەست ئەو گەبەندەت نایەوە؟ یان خودی ڕەشەبای عەزرەتی و شەیدا بە سەر و سەکوت و قژوقاڵت بوو کە بە هەویای بینینی ئەگریجە و خاڵت و خاڵت بوو کە وەک شنەبا و شەمامی سەرمەست خەی نواند تا سەری کەت و تاقگەی دارژاوی کەزی و بسکی شاراوە و عەترلیەت ڕابمووسێت و نەوازشت بکات، جوانەاوی بەن و بەرامەت لەتەک خەیدا ببات بەو مەرام و نیازەی کە هەرچی کچان و ژنانی شانشینی مەملەکەت هەن لاسایی تۆ بکەنەوە، لەولاوە چی نەرگەل و پیاوانی ڕەح کەڵەگایی هەن زەندەقیان بچێت کە ئیدی تەی سەرقافڵەچی و ڕابەر ڕێنوێنی هەمووان دەکەیت کە ناکرێت سەر و پرچیان قژ و کەوو هەبێنن، بەو نیازەی کە ئیدی نەدەکرا ڕشک و ئەسپە و گەنە و زەروو خوێنی پاکیان هەمژن!

هە کچی ئاسمان.. ئەوتا بای 'وەشت' هات و لە هەر چوار قوژنەی دونیاوە شنەبای خەشنوودی و ڕەهاکردنی زولف و بسک و پەرچەم و کەزی ڕاگەیاند، لەنەو ئەو زیندانەی کە تەیکەوتبوون.. ڕەها و سەرفراز بن بە هەتا هەتایە.. تۆ بەختیت ئەو خەزگەیە بکاتە دی؟ ئەڕێ بە ڕاست تۆ بەختیت نەرگەلەک و ڕەح کەڵەگا ئاسا هەبن کە لە سەدەی بیست و دوو و هەزارەی سێیەمدا بە سیحری ئەو پەرچەم و ئەگریجەیە بکەونە سەر سمکەڵان و حیلاندن چون ئەسپی شەت کە لە ژێر فشاری کوتانی خوێن و جەشدانی هەوەسی هەار و گەگرتنی شادمار و هەم دەمارە دزوولەییەکان تا ئەندازەی زەین و پەین کەویانە خەیان بەلەسە و ڕەها کردبێت؟ خە گەر وا بێت.. مەرجە ببرێنە بیمارستان و تیماری ئەو هەموو بریندە زەر و زاوندیان بە بکەین کە بەتە کەم و زوون و تیراوە و بریندی هەوکردوو.. لە سەر پێست؟ نا نا نا.. بەکو لەسەر پەەی ڕەح و دڵ و مەخ و گڵنەی چاوانیان!

وەجا.. خۆ کۆگار ژیان و زیندەگی مەردمگەل ئیمتیحان و تاقیکردنەوە بۆت دانو ئەم دونیایەی خەماندا، پاداشتی چاکە و خراپە لە قیامەتە بە فەرمانی یەزدان بۆت، کەواتە وا رەواتر پیاوان بە خۆیان کە بە نیازن بە دیداری حۆریەکان و غیلمان شاد بن لە بەهەشتە.. مەرجە ئەوان چاوانی خۆیان دابخەن.. ئۆگار نا..ئەویان چ تاقیکردنەوە و ئیمتیحانێکی ساختە و فشەیە؟ کەواتە چ حیکمەتێکی ئیلاهی تێدایە خانمان بە خاتری نەرینەکان لە کونجی ژوورەوە نیشانە دەرەوە و کە هاتنە دەرەوەش مەرجە نیقاب و بورقا و سەرپۆش و رەفتە و لەچک و مانتە بپۆشن، گەر وابۆت کەواتە بەهەشت بۆجگە لە هەتلەکی بۆلاشخانە هیچی دیکە نییە!

بە دیدگای من ئەویان تەوسئامێزە و پڕە لە موفارەقە و پارادۆکس، پتریش فڕە و تەکەبازی رۆحی نەرینە و پیاوسالاریە، گەمەیەکە چەپەڵی دەستەواتخوازی و ئایدیەلۆژیایەکی سەردەستەیی نەرینەیە کە هەوێکی هەزارەها ساڵی بە دواوەیە لە ستەم و چەوساندنەوە و خە زاکردنی نەرینە لە رەگەزی یاسا و رەسا و ئەدەبیاتی مەزهەبزەدەیی کە کەی میراتەکە هی نەرینەیە.. نەک مەینە کە ئەویان جێگای گومان و پرسیارە، لە ئاکامدا بەو نیازەش گەیشتوون کە ژنان و کچان کەیلە و ملکەچ و ستەمدیدە بن و بە درۆزایی تەمەن و زەمەن خوون بە سەربەستی و خودگەرایی و سەرخەیبوون نەبینن، کە زادەی مێژوویەکی نایەکسان و راسیستی و نارسیستی نەرینەی تەدا پیادە دەکرێت، بەو مەرجە کەتایی دێت کە ژنان و کچان خاوەن بڕیار و نەخشەر خۆیان نەبن، لە قەناغی پێشوگەیەوە تا سەریان دێیدا لە بەردی ئەلحەد، ئەوەش وایکردووە کە ئەمەی کەیلە چێژ لە کەیلە بوونی ئەوەدا ببینین کە ئەویان مەحاڵە، چونکە دوو کەیلە ناتوانن لە ئەلفوبای خۆشەویستی و ئەوین و ڤیان و میهر و سۆزداری تێبگەن و پێیبگەن.. ئاخر مەحاڵە کەیلە و بەندەوار و دیلی بەندوباوی یاسا و رەسا و نەریتی کۆنەپەرستانە بتوانن کەیلە و بەندەواری ژەر چنگ و کۆبڵەی خۆیان ڕەها و ئازاد بکەن.. کە ئەویان کرێکی بەدبەختی نەرینەکانی ئەم شانشینەیە!

یانێ بە دیدگا و قەولی ئەوان ئەویان فیتی شەیتان بووە کە فریوی داویت سەرپۆشکێت دابخزێت و تونێدی نەکەیتەوە، یانێ ماندووی سەفەر بوویت و شکێت و پەرزە لەبەراو، پاسدارانی کەودەن و یاساوەکانی ئاکار و ئاداب و پاسەوانانی ناوگەڵ دوچاری هیستیریا بووبن، ئاخر دەکرێت ئەوانی کەودەن و یاغنیش وایان مەزەندە کردبێت کە ئاسمانی شین: ڕەش داگەڕابێت لە تاو ئەو گوناهە کەبیرەیەی تە کە دەزەخ وفیردەوس لە جێگای خۆیاندا لەق و لەق بووبن، چونکە ئۆگاری ئەوە زەرە کە فریشتەکان سەرتاتکەیان کردبێت، بەباک لە

ماجەرای دونیا و مەردمگەلی تلاوە بە دەست گرفتی لە بن نەهاتووی شەو و شەی هەزارەها هابیل و قابیل، سەرباری کوشتارگا نەبراوەکان و ئەفسانەی ململانێی ئیبلیس بەرامبەر ملیۆنەها بە مەرجی فریودانی مەردمگەل کە هەوو لە خراپە بن و پشت لە چاکەکاری، بە واتا ئاسمانێکی بەباک یان سەرقاڵ بەو خوێنبارانەی کە ئەم سەرزەمینەی بەگژن و پیر و لەوتاوی کردووە، لەوەتەی "عیسای مەسیح" بەسەر خاچەوە چوارمێخەی کەشراوە خوێنبارانە، کە تا هەنووکەش نەدابەزیوە و نە ئاسمانیش بە بارگای باری تەعالا هەیکەشاوەتەوە!

{خانمکی تەنیا دەنەو جەنگەدا}

ڕەحی ڕەوان.. ژینا.. کەواتە کە فریای تە بکەوێت کە ئاسمان سەرقاڵ و پشەوحاڵ و شپرزە بێت، نەکا کەشتیەکەی "نوح" بە خەی و سەرنشینەکانەوە زەریا هەیلووشت، سەراسیمە بەو هەموو زەمین لەرزە و گەکان و بورکان و جەرەها دەرد و نەخۆشی کوشندە کە مەردمگەلی گیرەدە کردووە، کەچی.. کەچی تە بەباک لەوەی سەرپۆش و ڕەفتەکەت 'با' دەیبات و فریشتەکان لە خەت تووڵە و تەراو دەکەیت، هاوکات ئیسرافیل و جیبرائیل و عزرائیل و ڕەزوان چاوانی خەیان نووقاندووە لە ترس و تاوی ئەو دیمەنەی تە تیایدا گیرەدەیت و هەم ئازا و جەربەزە، کەچی ئەوە تە بووێت 'ژینا'ی هەور و سەلار، لە بری ترس و تەقین، ئەوەندە چاو قایم بووێت.. یان هەر خوو و خدەی خەت بووە کە خەندەلەو بووێت و سەانە سەانە پیادەڕەوی هەنگاوت ناوە و ڕەدووی سەرپەشکەت نەکەوتووێت، لەولاوە ناچار و سیاچارە و لەرزە لەو بوون فریشتەکان لە حەوتەمین تەبەقەی ئاسمانە، پاسداران و یاساوەانی داربەدەست ناحەز بە جوانی و بوێریت بە رادەیەک شێتگیر بوون کە وەک ئەوەی تە هەشکەکا بیت و بتکوتن و بتکوتن تا هەناسە لەبڕبڕان!

ئیدی تەنگەتاوتر بوون یاساوەکانی ڕەوشتمەندی عەمبارپە کە بە هەق مەخلووقاتی زەندەقچوو بوون لەبەردەم ئارامی و دڵەڕی تە و هەم پەرکەمدار و 'فە' لەهاتوو لە تاو شەنگی و زیبایێت، ناچار بە پڵەپرووزە و یەکاندەردوو وەخەکەوتن و هەڵقەیان بەست و پژدەنەیەکی بازنەیی و بەندیان سازکرد بە قەد باڵەای تە و بە پەچ و لوول وەک خەمی ناقەبات لە ساتەوەختی شکانی شکەمەندی کچانێت لەژێر زەبر و زەنگی دەندانەی پیاوانی مەزهەبزەدەی بە مەزەب و مەڵا و ترسنۆک!

چما نەتدەزانی توخمی نەرینەگەلی ناوگەڵ برسی بە بینینی پەچ و لوولی قەفی کەزی و بسکی تە خوێنیان دەکوڵێت و ئاگرێک دەنەو شادەمار و دەمارە دەزوولێیەکانیاندا بەرپا دەبێت کە لەوەدایە کەپە و بەسەی هەیاسای بگاتە دارستانەکانی سەرزەمین و باخەکان

و لالەزار و باخی نەو فیردەوس کە تۆ و وشك پێکەا بسووتێنن؟
چما نەتدەزانی کە پاسەوانانی دەوری دامەن و تەشک و تیرەژ و قەد و باڵای تۆ وەک گیانداری کەوی و دڕندەکان و سمدارەکانی دیکە کە هەوڵ ئەسپی شەت ئاسا سمکەڵان دەکەن لەتاو هەوەسی هار و شەهوەتی دڕنەو خوێندا گەگرتوو، قەستیانە خەیان ببن بە قامچی و تیغ و شمشێری زوڵفەقار و قەممەی دووەم کە خوێنمژانە و سادیستانە لە سەد لاوە لەت و کوتت بکەن و.. هەشتا ئەخەی ناکەن؟ ئەوان بە تەنها بە بینینی خوێن و فرمێسک و ئارەقەی ڕەش ئەرگازم دەبن و بەس!
چ غەمناکە دیمەنی گەلەگورگ و کارئاسکێکی سرک و تەنیا و بێچارە دڕنەو جەنگەڵدا، جەنگەڵی سەدەی بیست و دوو و هەزارەی سێیەمینی "شەشهەڵاتی ناوەراست" کە تیایدا ڕەحەکان پەژموردە و تاریک و سام لەنیشتوو.. بگرە تاریکترە لەوەی کە چاو بتوانێت چاو ببینێت.. ئەمەیان چ گورگستانێکە.. ئیلاهی؟
چما ئەتە نەتەدەزانی کە کچەزای 'حەوا'یت کە گوایە 'ئادەم'ی فریوداوە و بەباکانە لە درەختی حەرام و قەدەغەکراوی خواردووە. بۆیە ئەوە ئەتەی کە لاسایی دایکە 'حەوا'ت کردەتەوە و سەرپێچی دەکەیت و هەم پێ بە زارت خەندەلەوانە سەوکە دەکرەنیت و هەم سەرپێش دەدەیتە دەست 'با' و گەژەنی گەردەلوولەوە!
چما ئەتە نەتەدەزانی دایکانی من و تە و هەزارەها بە سەدەها جار و بار بەردەوام بە ترسەوە بە کچەکانی خەیان دەگوت. "سەرت داپۆشە.. کەشت داپۆشە.. با دامەنی کراسەکەت تا سەر گەزینگ بێت.. مەمکەکانت بشارەوە.. قریوە و قاقا و خەنینت نەیێت و مەرگ دەنێت، خەت تاس و لووس مەدە و خە مەازنەوە، بەدەم ڕەیشتن و پیادەڕەویەوە ئاوە مەدەرەوە، زار و دەمت بشارەوە کە نان دەخەیت ئەو کاتەی پیاوان دیارن، تەرپە و تەقەی کەوشکانت نەیێت.. گەر نا.. نەڕەوز وەک گەلەگورگ گەمارەت دەدەن و و و…هتد.
بە ڕاست ئەمەیان جەنگەڵەیان دونیایەکی تازە؟ چما ئەتە نەتزانیوە کە یاساوەکانی دەوری خەون و خەیاڵ و خولیاکانت تەیان بە نەچیرێک زانیوە کە ڕاوی بکەن و پەستەکەی بگرونن کە بە هەق گرواندویانە، چونکە تە کچە ئازاکەی دایکە "حەوا" بوویت و گوەت بە ترپەی دڵی خەت شل کردووە.. نەک بە تەنها شەیتان، ئەگەر نا.. وا بەباکانە سەرپۆشکەت نەدەدایە دەست ڕەشبایەک یان گەردەلوولێک.. ئەوان بە هەویای ئەو خەونەوە تەیان ڕاو کرد کە دەستیان سوز دەبەت و ئەوسا بەهەشت یەک بست لەیانەوە نزیکتر دەبەتەوە و ئەتەش کە گوایە شەریک و هاوشانی شەیتانی، گەمەی خەت دەکەیت و سزا و باجەکەی دەدەیت..
سزا و باجەک کە لەوانلەوە لە جوانی و شکەماندی کە من دەنیام حەرییەکان لاسایی تە دەکەنەوە و بەز لەو داربەدەستانە دەکەنەوە کە

تیان وها ئشکنجە داوە کە بیرت بچێتەوە هەناسە بدیت.. هەناسە و بەس!
چما نەتدەزانی بچی دایکانمان سەد بارەیان دەکردەوە بە چرپەوە کە ئەوە.. کچانی 'حەوا' لە پەراسووی چەپ و هەم خوار و خچی 'ئادەم' دروست بوون و تا قیامەت راست و ڕەک نابنەوە.. هەر بۆیە لەسەر هەر سیلەی کەمان و گەرستانێک و جادەیەک پیاوان و لاوانی داربەدەست وەک ئەرژەنگ وەستاون، کە لە شمشێر بەندەتر قیت و قەز وەستاون بە ناوی چاودێری خراپە و چاکەکاری خەڵکی، کە گەرەکە بە هەر هەڵە و پەڵە و کەتنێک و سووکە گوناهێک بە دار و مەترەق و تەڵا و قامچی و قیرپاچ و شەڵاق نیوە مردووتان بکەن، بۆ نیازی ڕەک و راستتان بکەنەوە، ئەی دایکە نەیچرپاند بە گوێی تەدا کە هەر هەوێی راستکردنەوەیەک خوێنی جەرگە و شکانی شکەمەندی و گەبەند و ڕسوایی بە دواوەیە کچەکەم، کە زادەی میراتەکە کە زەر قورسە کەسمان بیزانین کەی دەستی پێکردووە و کەی کۆتایی دێت و گۆڕ بە گۆڕ دەبێت.. خە گەر بشیزانین پەمان شەرمە بیدرکێنین، چونکە پیشەسازی و بەرهەمی دەست و فیکری ئەمەیە.. ئەمەی چی و چی و چی؟ خۆتان ناوی بنێن!

{ژینا.. هە قەقنەس ـ کەی ئەمە}
مەگەر هەر هەموومان نەمانبیستووە کە لە ناوئاخنی ئەدەبیاتی "ئیسرا و میعراج"دا هاتووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زەرینەی 'ئەهلی دەزەخ' ژنان بوون لە پای ئەوەی هاوڕەگەزەکانی تە بە هەمیشە نزیکن لە خراپەکاری و دوورن لە چاکەکاری، گوایە لە دەزەخیشدا بە قژ و قاڵی خۆیانەوە هەڵواسراون.. بە ڕاست.. دیسانەوە..؟
جا.. خە ئەوان بەبەخت زەر زووتر دەنەو دەزەخدا ژیان و هەم مردن.. من بەگەم هەیە و گەواهی دەدەم کە پلکە 'زارە' دایکم و پێنج خوشکی خەم و سەرباری کچان و ژنانی گەڕەک چلەن دەسووتان.. ئاخە بەس من ئەو ئاگرەم بینیوە یان هەموو نەرینەکانی گەڕەک و شار بینیویانە؟ نازانم.. بەڵام دایکان و خوشکان و کچان و ژنان ئەوەندە شکەماند بوون کە دوای هەر سووتانێك ئازایانە وەک باڵندەی ئەفسانەیی "قەقنەس" ئاسا دەنەو خەڵمشی خۆیان سەر لە نوە ڕادەبوون و هەڵدەستانەوە و زیندوو دەبوونەوە.. ئاخر سەز و بەزەیی و میهری ژنانە و دایکانە و خوشکانەی خۆیان دەنواند کە هاوخەم و سەزیاری ئەمەی نەرینە بوون و ببن، کە نەکا ئەوانی قەوح و غەمناک و پرسەدار و تەنیا بکەون.. ئەوێان چ قوربانیدان و جوانی و

ڕەحمکی سەرکەش کە تا ئاسمان خواهانە و ژنانە و کچانەیە کە ئەمەی نەرینە نایبینین.. نایبینین.. بۆ کێ و کەی و بۆ کوێر بووین.. ئیلاهی؟!

ژینا.. ژینای ژن و ژیان و ئازادی و شکۆمەندی و بوێری.. لەوەش قەباحەتر و ترسناکتر و گوناهێکی کەبیرەتر و ڕەشتر ئەوەبوو کە ئێگەر سزای تەنەدان و نەتکەن بە نموونە و پەندی زەمانە، چوغل و تەمبەت نەکەن بە تووندکردنی سەرپشکەت، ئەوسا کچانی هاوتەمەنی تەش سایلی تە سەرکەت و ئاماو وادا دەبن و ئیدی پیاوانی چاوچنۆس و ناوگۆ بەرسی دوچاری نەزەری حەرام دەکەن، لەوەش کوشندەتر ئەوەیە کە ئەوە بپرسن و گومان بکەن کە بۆچی دەبەت ئیمانی پیاوە سمێ بابەکان ئەوەندە تەنکەن و لەرزۆک و چرۆک بەت؟ بۆچی مەرجە لەرزۆکی ئیمانی ئەوان یان تەکمەیی دینەکیان لەسەر بە دیارکەوتنی پەرچەم یان داپشینی بسک و کەزی ئەمە پابەند و وەستابیت کە بە هەمیشە پەوانە بەت بە وەدەستهێنانی بەهەشت و دووربوون لە دەزەخ؟

ژینای.. دەرە ژین و نیشتەجێ دەنەو ڕەحی هەموماندا کە دەزانم ئەوەیانت بەس.. ئەتە چیت کرد گیانی پەژموردەی گیانان، چلەن وا ئاسان هەوەسی پاسدارانی دار بەدەستی ئەخلاقەت ئاگر داوە بە ئەندازەی دەیری و دەللی بوونی فریشتەکانی ئاسمان لە تاو ئیرەیی و بەغالەت بردن بە جوانییە ئەفسوونبار و و ڕەحی 'بوور' ئاسات.. گەرچی مەرگهێنیش بووبەت؟ ئاخر پاسەوانانی ناموسپەرست مەزەندە و ترسی ئەویان هەیە کە بە هەزارەها فریشتەی دەوری عەرش و مەلەکووت پایەستی لەبکەن و بتەکنەوە، لە گوینە کە هەندەکیان لە تین و تاو و ترسەکی پەنهان کە تە بەرپات کردووە.. پەە و باڵیان هەوەرەت و ئیدی چیدیکە نەبنەوە فریشتەگەلی دەوری عەرشی یەزدان، بە هەزارەهاش لە تەک حەریەە زەدە نازدارەکان، هەم لە تاو بەباکی تە و نەترسانت لە ئاگری جەهەننەم سەمای چاوانیان بەژەت و کوێر بن، ئاخر فەرمانە کە نەدەکرا فریشتە نەبوزەکانی ئاسمان و هەم سەرزەمین یەکاندەردوو بە شەوارە بکەون ئەو کاتەی پەکەا مەست و حەیرانت دەبن کە ئاوە لە تە دەدەنەوە بە جەرەک کە کەیل و کاس ببن کە وەک گەداکان سواڵی خەندیەک و نیگایەک و ناز و هەوایەکی تە بکەن، وای.. وای.. ئەویان چ ئابووچوونەک بوو کە فیز و شکۆی خەیان لە بەردمی خانمێکدا دەاند؟!

{ خەون و خەیاەکی خوەناوی}

چما ئەتە نەتدەزانی کە لە شانشینی بە خەیاە و خەونکاندا.. خەون

بینین و خیالی فین سزاکەی خوێنی سەر؟ هێ نازانینی هەر هەموومان مەراقی ئەوەمانە و بۆ ئەقڕین.. ئاخر چۆن ئەتۆ لە شەوی دیجوردا وەک چرا دادگیرسێت کە هەر هەمووان عەیب و عەورەت و چەرەی ئەرژەنگ ئاسای خەیان ببینن لە مەملەکەتێک کە هەر خوێنکی سەرکەش و سەرکەش بە خەی پێینی سەرە و خە سپاردنە بە دزەخ لەسەر دەستی ئەوانی ناحەز بە خوێنی شکرە کەنیشکەک؟
هێ 'شەهرەزاد' کەی ئەمە.. چما ئەتۆ نەتەدزانی کە ئاخوندەکان نابینان و هەر خوێنکی رەنگینی کچە رەنگاڕەنگ و شکرەژنێک زەندەقیان دەبات، دە ئاخر دەزانی یان نا کە بینینی خوێن بە رەژی رەناک لای شەمشەمە کوێرەکان چ گوناهێکی کەبیرە، تەی خەشخوان و سەراسیمە بە داستانی "هەزار و یەک شەو"ە کە 'شەهریار'ی مەست و مەیزەدە کردبێت و جوانی تە ئەفسوون و سیحری حیکایەت و داستانەکانی تا دوا پەندی پە لە تانوپۆ و گرێچن بیبات و بەدەم زرنگانەوەی زەنگووڵەی دەنگی تەی خەشخوان خەو بیباتەوە.. ئیدی بە هەمیشە و بە هەتاهەتایە 'شەهریار' شەیدا و دەوانە و گیرەدەتە و ناتوانێت سەرت ببڕێت و بتکوژێت وەک هەزارەها لە هاورەگەزی تە، لە پای بیانوویەک کە تا هەنووکەش دیار نییە.. تاکە بیانوویەک خوێنخەری پادشاکان و پیاوەکان بووە کە بە هەمیشە خوانی خوێناوی 'ئەرگازم' و سەرمەست و شادی کردوون، ئیدی تەی ئەفسوونگەر هاتیت و بە گۆڕانەوەی داستانەکان "شەهریار"ت سەرسام و حەیران و هەگری خێت کرد و مەرگی دیکەی هاورەگەزەکەی خێت راگرت، 'شەهریار' بە ئەندازەیەک شاد بوو کە شەوکیان عاشقانە نەک شاهانە خواستی ئەوە بوو کە ئیدی سەرپشکێت فێ بدەیت.. ئیدی خێت رەها و سەرفراز کرد، چونکە جوانی و زرنگی و ئەفسوونی جادووگەرانێت بوو کە ئەو خوێنخەرییەی 'شەهریار'ی بنبە بکات.
ئەتۆ نەتزانی کە ئەوشیان پیاوە سادیست و خوێنخەرەکانی مەملەکەتی شێت و داغان و غەمگین کرد و کەستیان کەوت کە پادشا دەستبەرداری خوێنخەری کچان و خانمان ببێت.. پیاوانی مەست و خەشنوود و ئاسوودە بە خوانی خوێنای و خەیاڵکوژ لەنگەڕان گیانەی خەشخوانی کەڵەکەوێت ئارام بیت بەوەی کە 'شەهریار' دەستی لە خوێن پاک بکاتەوە و بیشوات.. بەڵگەش یەویە کە تا هەنووکەش خوێنبارانە و شانشینی پرسە و واویلا و مەرگساتە.. هێ جوانە!
بەڵام ئەوە تێیت کە هەزارەها داستان و سەرگوزشتە و پەند و بێت و بالادە و هیکایەت و چیرۆک و ڕەمانت بە ئەمە بەجێهێشتووە و تازە فرچکمان پێوە گرتووە و میراتگری ئەمەکداری جوانی و میهر و شکەمەندی و ئازایەتی و زرنگی تێین.. بە قوربان.. شەو و شەوگارت شاد و ئەرخەیان و ئارام بنوو کە ئەمشەو و تا سەدەها شەوی دیکە

هەر هەموومان بەدار و ئەشگر و دەرگاوان و پاسەوانی خۆت و خولیا و خەیاڵە غایلە و خەونە شیرینەکانی تۆین بە درێژایی زەمەن و تەمەن.. هەر ‘قەقنەس’ تاقانە و ئازاکەی هەر هەموومان..!

(سەرەتای پایزی/٢٠٢٢)

- **پەراوێز: ـ**

• قەقنەس: قەقنەس (بەئینگلیزی:Phoenix، گریکی دەرین: Φοῖνιξ، بەفارسی: ققنوس، عەرەبی: العنقاء)، باڵندەیەکی خەیاڵی و ئەفسانەئامێزە کە بەروارد دەکرێت بە جۆرەها باڵندەی دیکەی راستەقینە، باسی لێکراوە دەنێو داستانە کۆنەکانی عەرەب وەکو سەرچێیەکانی سندیباد و داستانی ‘هەزار و یەک شەو’، بەگشتیی لەنێو داستانە فارسی و ڕۆمانی و گریکی و میسڕی و چینییەکاندا هەبووە. قەقنەس، وەکو بەچووی باڵندەیەکی پیرەز لەنێو داستانەکاندا چاوی لێکراوە. باڵندەیەکە لەسەر هێلکەکەی دەنیشێت تاوەکو دەتروکێت، لە کاتی تروکاندا ئاوەندە بە خەشیەوە بە بەچوکەی دەخوەنێت و پوش و پەاش لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە تاوەکو پوشکان ئاگر دەگرن و خەیشی دەسوتێت، جا ئەو بەچووی کە لە هێلکەکە دەتروکێت، پاشانیش دەبێتەوە بە دایکانێ. دیارە سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەدەن کە خودی” قەقنەس” تاکە باڵندەیەکی ئەفسووناویە کە پێشبینی مەرگی خۆی بکات، گوایە سەروەختی گیانەڵا پووش و پەاش کە دەکاتەوە کە ئاگر دەگریت و قەقنەسەکە دەسووتێت بە پەرجووکی دەگمەن و ئەفسانەئامێز دەنێو خەڵمێشی خۆیدا کە زادەی موعجیزەیەکی ئەفسانەئامێز زیندوو دەبێتەوە.

• بەور: سەر بە خەزانی پەنگە، هەندەک جاریش وەک مەچکەی پەنگ چاوی لێدەکرێت.

• تەوار: مەینەی باز یان بازی مەچکە. (سەرەتای پایزی/٢٠٢٢) “شەڕی پلکە زارە”

کتێب/ قەیرانی عەقڵ.. فوئاد سدیق

بۆ خوێندنەوەی هەر چوار بەشی کتێبی (قەیرانی عەقڵ) کلیکی ئەو لینکانەی خوارەوە بکەن..

بەرگی یەکەم...

بەرگی دووەم...

بەرگی سێیەم...

بەرگی چوارەم...

لە ساڵیادی ئاپۆنێکانی ئەرانداو.. عوسمانی حاجی مارف

هەوڵشاندنەوەی حیجابی زەرملە وەک دروشم و داواکاری سەرەکی لە لوتکەی داواکاریکانی ئاپۆنێکانی ئەراندا دەگۆشایەوە، ئەو ئاپۆنەی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جەماوەری ناڕازی بەرجەستەکردەوە و مژوێکی نوێی لە خەباتی جەماوەری ئەراندا تۆمارکرد.
لە چوارچێوەی خەبات و ناڕازایەتی و مانگرتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، داواکاریکانی وەک: زیادکردنی کرێ و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی، خوێندن و تەندروستی بەبەرامبەر، ئازادی ڕەکخستن و مانگرتنی بێ مەرج، ئازادکردنی دەستبەجێی زیندانیانی سیاسی، چەندین داخوازی تر کە ساڵانێک بەرزدەکرانەوە، لەگەڵ کارەساتی کوشتنی مەهسا ئەمینیدا، بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ئاستێکی فراوانتردا درێژەی بەو ناڕازایەتیانەدا، تا ئەو ئاستەی بۆ شۆڕشێکی بەربڵاو مەرگ بۆ کەماری ئیسلامیش چووە ڕیزی خواستەکانەوە.
لە ئاپۆنەکاندا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی خەباتی ژنان کە تا ئێستاش

بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت، یەکێک لە گرینگترین شاکاری خرۆشانە جەماوەریکانی ئێران، کەمپەینگای ئێران درکیان بەوە کردووە کە سەپاندنی حیجابی زۆرەملە لەلایەن دەزگا یاسا ئاینیە ئیسلامیەکانەوە لەدەست چووە و ئیتر بۆیان ناچێتە سەر، لە ژێر پەیگای ئیسلامیدا ڕووبەڕووی یەکتربونێتەوە، سەرهەڵدانی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای خەباتێکی سەخت، دەستکەوتی بەنرخی تێدایە، بە گومان زەمینە بۆ دەستکەوتکانی داهاتوو لە نێو ژناندا ئاواڵا تر دەکات.

هەڵبەتە ئەوە دەبینین کە لە ئاستێکی بەرچاودا، ئەم ڕاپەڕینە کەم بوونەوە، بەڵام ململانێی نێوان هێزە سەرکوتکەرەکان و بزووتنەوەی ژنان و لاوان و خوێندکاران، هێشتا ئاستی خۆی هەیە و ناڕازایەتیکان ناوبەناو دەرکەوتی هەیە. ڕژیم ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی، بە هەڕەشکی بەربڵاو و ترس لە هەڵگیرسانی ئەم ڕاپەڕینە دەستبەسەر کردووە، کەشوهەوای تووندوتیژی و سەرکوت زۆر زیادی کردووە، هەرچەندە وەستانەوە لەبەرامبەر بە حجابی زۆرەملە بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە و هێشتا بەرنگاری و خەبات لە دەرونی جەماوەری ناڕازیدا نەوەستاوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە لەگەڵ

نزیکبووندەوەی سالیادی ئەم ڕاپەڕینەدا ئاگاری نمایشی جۆراجۆر پێشبینی دەکرێت.
بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە سەرتاسەرییەکان کە بگشتی بە دروشمی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا لە مەیداندا بون، ئەمش بەگەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە درێنگ یا زوو لەدانی ژێنگی کەتایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیە، ئەوەی حاشا هەڵنەگرێ، ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" زیاتر بە نمایشی ڕاپەڕین بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی خۆی ناساند، هەرچەندە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک کوژراون و نزیکەی بیست هەزار کەسیش خرانە کونجی زیندانەکانەوە، بەڵام گەڵانکاریەک لە واقیعی کەمەگەی ئێستای ئێراندا بەرجەستە بەتەوە، کە بە ملیۆنان کەس لەگەڵ سەختی ئابووری و هەڵاوسان و بێکاری و هەژاری و برسێتی و دڵندەیی کۆماری ئیسلامیدا، بە شێوازی گونجاوی خۆیان لە ئامادەیی ناڕەزایەتی و خەباتدان، ئەمش بە حەق ئەوەی سەلماند کە کەشکە تەنیا حیجاب نییە. وە ژمارە سەرنجڕاکێشکانی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان لە ساڵانی ڕابردودا لە ئێران و دەنگدانەوەکانی، پێویستیەکی هەنوکەیی بە گەڵانکاری بنەڕەتی لە کەمەگادا هەیە، ئەم دەخە تەنها لە ڕوانگەی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک ڕاپەڕین وەڵام نادرێتەوە. ئەم ڕاپەڕینە توانی بەرەنگاریەک لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نیشان بدات، کەلە ڕووی چەوساندنەوە و نادادپەروەریەک کە بەسەر ژنان و زەرینەی خەڵکی ئێراندا سەپێنراوە، کۆماری ئیسلامی کە ڕەسمیەتی بە نایەکسانی کەمەایەتی داوە، بەڵام بە ئاشکرا ئایدۆلۆژی ئیسلامی لەبەرامبەر خەباتی ژناندا ڕیسوا کرا و پاشکشەیکی گەورەی پێکرا، لە هەمان کاتدا بەشێوەیکی گشتی ناڕەزایەتی بەرینی جەماوەری دژی بەرچاویان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نواندوە.
گومانی تێدا نییە کە داخوازی و چاکسازیە یاساییەکانی ژنان لەو ئاستەیدا زۆر بەنرخ دەبن، بەو مەرجەی لە هەموو هەنگاوێکدا زەمینە بە گەڵانکاریەکی کەمەایەتی لە پێکهاتەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا زەمینەسازی بە بکرێت. چاکسازی بە هەر جۆرێک بێت بە تایبەتی لە ئێراندا هەنگاوێکە بە پێشەوە، بە بەهەزکردنی بزووتنەوەی ژنان و هەر بزوتنەوەیکی جەماوەری ناڕازی، هەرچەندە بەها و گرنگی چاکسازی دەتوانێت لە چەوسانەوەی ژنان کەم کاتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە ڕۆشن بێت کە ناتوانێ مانای گەڵانکاریەکی بنەڕەتی لە بارودۆخی کەمەایەتی و ئابووری ژناندا، تەنها بەوستانەوە لەبەرامبەر کەنەپەرستی ئیسلامیدا دەستەبەر بێت، هەڵبەتە هەر چاکسازیەک لە کەمەگەی ئێراندا کە بتوانێت هەندێک گەڵانکاری یاسایی لە پێگەی ژن بهێنێتە ئاراوە، بە دڵنیاییەوە

دەبێت پێشوازی لێبکرێت، بەڵام باسەکە لەسەر ئەوەیە کە کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو دەتوانێت وەڵامی پرسی بژێوی و خۆشگوزەرانی گشتیی ملیۆنان کەسی کۆمەڵگا بداتەوە، بە بزوتنەوەی ژنانیشەوە؟، کام گۆڕانکاری و بەدیل لە کۆمەڵگادا دەتوانێت گەرەنتی هەوەشاندنەوەی چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان بەسەرکەوتن بگەیەنێت؟، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئاپۆیینی "ژن، ژیان، ئازادی" ئاستی ئەو گۆڕانکارییەی نیشان نەدا، کەدەتوانێت دەست لە پێکهاتەکانی سیستەمی سەرمایەداری بدات و شۆشکی کۆمەڵایەتی بە ئاوگۆڕی ڕیشەیی بەڕێبخات. چونکە خەبات لە دژی تەواوی پێوەندیە نایەکسانەکانی کۆمەڵگە بنەماکەی لە زەرورەتی خەباتی چینی کرێکارەوەیە، هەر لەوشەوە سەرچاوە دەگرێت، بەیە پێویستی بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، لە هەمان کاتدا پێگەی، "ژن، ژیان، ئازادی" دەتوانێت وەک بشکۆ لەم خەباتە چینایەتیەی کرێکاران مانادار بێت، هاوشانی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان لە پێوەند بە خەباتی چینی کرێکارەوە هەنگاوی بەرەو پێشتر بنێت.

سەرهەڵدانی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی حیجاب وەک داواکارییەک بەسەر حکومەتدا بسەپێنێت، کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگای گۆڕی، یەکێزی نەوان بزووتنەوەی ژنان و قوتابیان تا ڕادەیەک بەهێزتر کرد، بەڵام ژنان هێشتا ڕێگای هەوراز و نشێوی زەریان لە پێشە بە گەیشتن بە داواکارییەکانیان و چەسپاندنی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، واتە بە نەهێشتنی ستەم یەکجاری لەسەر ژنان، دەبە خەباتی نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی لەبەرچاو بگیرێت، چونکە نایەکسانی نێوان ژن و پیاو میراتی هەڵومەرجێکی کۆمەڵایەتیە، کە کاریگەری چەوساندنەوەی ئابووریە لەسەر ژنان، بەیە گەیشتن بە یەکسانیەکی تەواو و ڕزگاری ژنان پێویستە بە نەمانی چینەکان، ئەمەش لە ڕێڕەوی خەباتی چینی کرێکارو شۆڕشی کرێکاریدا مەیسەر دەبێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ژنان لەم جوڵانەوەیەی ئەراندا وەک بشکۆ لە چینی کرێکار دەرنەکەوتن، ژنانی کرێکار، لەگەڵ ئەوەی بشکۆی گەورەن لە نەو چینی کرێکاردا، لەسەر ئەم بنەمایە، ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و یەکخستنی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی کرێکاری، ئاشکرایە کە ئەرکی چینی کرێکارە. وەدیهاتنی داخوازیەکانی بزووتنەوەی ژنان، هاوشێوەی داواکارییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر، لە پرسەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵایەتیدا، بەبێ ئامادەبوونی چینی کرێکار، ناتوانێت ئاسەی داهاتوو بە بەدیهێنانی داواکارییە سەرەتاییەکانی ژنان گەرەنتی بکات.

سیاسەتکی چەوتی ئەمریکا لە ساڕژی ژینا مەهسا ئەمینی.. ئاوات ئەسعەدی

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵڕژی خوێندنەوەی کیژەی نازدار و ئازادیخوازی کوردستانی ئێران، ژینا مەهسا ئەمینی، حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەیارەکی زۆر نارەوای لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا.
واشنتن دۆرفۆتکی کاتی بە بانکەکانی کۆریای باشوور بەخشی، بەئەوەی بکەونە بەر سزای ئابووری ئەمریکا، بتوانن بڕی 6 ملیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی بەستوو و دەسبەسەراگیراوی ئێران، بگەڕێنەوە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی قەتەرەوە.
ئەگەرچی ئەم هەنگاوە بووە پاساو دەدرێتەوە، کە گوایە بە ئازادکردنی پێنج "هاوڵاتی ئەمریکایی" بێت، کە "گوایە"، بە زۆم لە ئێران بەند کراون، بەڵام لە راستیدا ئەم کردارە دەبێتە پشتیوانیکردنکی ڕاستەوخۆی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەدەستهێنانی پارە، بە پیادەکردنی سیاسەتە نامرۆڤانەو تیرۆریستیەکانیان، ئەمەو سەرەڕای ئازادکردنی چەند تاوانبارێکی کۆماری ئیسلامی لە ئەمریکا.
گومان لەوەدا نیە، کە ئەم هەنگاوەی ئەمریکا پێیامێکی زۆر دڵخۆشکەرە بە مۆلاکانی ئێران. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی، ولایەتی فەقیە ئەمە بەسەرکەوتن دەزانێ و، بە چەکدادانی ئەمریکای ناو ئەبا، بەڵکو ئیستە مۆلاکان جارێکی کە لەوە دنیا بوونەوە، کە ئەتوانن لە ئایندەشا، جۆلادو تیرۆریستەکانیان بە ئاسانی لە دەرەوەی وڵاتا کارا بکەن. ئەشتوانن دنیای سیخۆرو مرۆڤکوژەکانیان بدەن و، لە سێ شتی مسۆگەر دنیایان بکەنەوە: نە لە ڕژئاوا لە سێدارە دەدرێن، نە ئەشکەنجە دەدرێن، نە تاهەتاییش لە زیندانا گیر ئەکرێن، بەڵکو لە دۆرفۆتکی "گونجاو"دا دەگەڕێنەوە بە بارمتەی ئەمریکایی یان ڕژئاوایی.
ئەم کردارەی ئەمریکا ناوی هەرچیەکیشی لێبنرێت، گورزێکی قورسە بە ئەو هەموو قوربانیەی، کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا گەلانی

ستەمدیدەی ئێران داویانە. گورزێکی کوشندەیە لە کەسوکاری ئەو 500 قوربانییە، ئەو هەزاران کەسەی بریندارکراوان، ئەو دیان هەزار لاوەی ئێران، کە لە 12 مانگی ڕابردوودا لە زیندانەکانی ئێران قایمکراوان، ئەو نرخە گەورەیەی، کە گەلانی ستەملێکراوی ئێران بە خواستی ئازادییان داویانەو بەردەوام دەیدەن.
جگە لە هەموو ئەمانە، دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران هەڕەکی زەریان هەواڵەی شاری سەقز، زێدەی ژینا ئەمینی، کردووە، بە بەرگرتن بە هەموو بزوتنەوەیەکی ناڕەزایی و جەماوەری. بە پێی هەواڵەکانیش ئێران تانکی گواستوەتەوە بۆ سنووری عێراق لە باکووریەوە و، بەم شێوەیش ڕژێمی مەلاکان گوشارەکانیان زۆر زیاتر کردووە دژ بە کوردستان بگشتی: عێراق (بە هەرێمی کوردستانەوە) دوائینزار (ئولتیماتوم) دراوە، تا 19 ی ئەم مانگە (ئەیلوول) ئەبە پابەندبێت بە چەکدامالینی گروپە چەکدارییەکانی کوردستانی ئێران لەنێو سنووریکانی دەوڵەتی عێراقا، ئەمەش بە پێی "ڕێککەوتنامەیەک" ی نێوان هەردوو وڵات.
تیرەری ڕژێمی مەلاکان بۆچان و توندتر بەردەوام دەبێت.

بەشێك لە شیعری : لێگەڕێن ئەم نیشتمانە ببێتەوە بە نیشتمان.. شیعـــــری: لـینگســـــتەن هیـز.. وەرگێڕانی: شوان عەباس بەدری

لە کتێبی دەش هەر وەك قووڵایی ئەفریقاکەی خەم

… لێگەڕێن ئەم نیشتمانە ببێتەوە بە نیشتمان
لێگەڕێن دووبارە ببێتەوە بە هەمان ئەو خەونەی کە بوو
لێگەڕێن ببێتەوە بە پەشێوی دەشت
و لەوە ئازادی ئاکەی بشکێنێت
ئەم نیشتمانە هەرگیز بە من نیشتمان نەبوو
لێگەڕێن ئەم نیشتمانە ئەو خەونە بێت کە

هزرجوانەکان لە ناو خوێنکانیان بنیاتییان نابوو
لەگەڕان ببێتە سەرزەمینی بەرفراوانی ئاشق و خۆشەویستی
سەرزەمینێك کە تێیدا نە پاشاکان بتوانن خەم سارد بن و
نە خەمی زەرداران تێدا دابمەزرێت
تا بەم جۆرە هیچ مرۆڤێك نەتوانێت
مرۆڤێکی بەدەستاتر لە خۆی بچووسێنێتەوە
ئەم نیشتمانە هەرگیز بە من نیشتمان نەبوو
ئا ، لەگەڕان سەرزەمینەکەم ببێتە سەرزەمینێك کە
تێیدا ئازادی بە تاجە گوێنەیەکی دەستکردی نیشتمان پەروەری
ناڕازێنێنەوە و
بە هەموو کەسێك دەرفەتێکی هاستەقینەی ژیانێکی ئازاد ببەخشاوە و
ئەو هەوایەی هەیدەمژین پێ بێت لە بۆنی یەکسانی
من لە ناو ئەم سەرزەمینەی کە جاری ئازادی تێیدا دەدەن
نە یەکسانیم بینیوە و نە ئازادی

ئەخلاقی خوێنڕێژ.. بەختیار محەمەد

مژووی حیجاب یەکەکە لە دیاردە هەرە قزەونەکانی مژووی ئیسلام. ئا ئەم دیاردەیەیە، کە وای کردووە مەلا خوێنڕێژەکانی کاماری ئیسلامیی، بە ناوی زبدانی ئەخلاقەوە، ژینا ئەمینی (هەمای پووچاندنەوەی چەمکی قزەونی حورمە و ناقیسولعەق) شەهید بکەن.

ئەمە تناگەین، کە ئەخلاق پالیسی بە چییە، ئەگەر خی دەسەات دەسەاتکی بە ئەخلاق نەبێ؟ ئایا سەرکتیی بە ئەخلاقییە و بەام ستەم و دزی و بەندیخانە و کوشتن و برسیکردنی خەك... ئەخلاقن؟ بەێ، کاماری ئیسلامیی پالیسی ئەخلاق دادەنێ، تا بە ئەخلاقیی بە وێنەی دەسەاتەکەی خی بشارێتەوە؛ تا بەم ناوەوە، بە ناوی ئەخلاقەوە، ئازادی سەرکوت بکا و تەمەنی درژی ستەمکاریی خی درژتر بکاتەوە.

هەر بەاستیی حیجاب هەمای بە کیلەکردنی ئافرەتە. ئەوەتە دەسەاتی مەلایەکانی کاماری ئیسلامیی و تایبان و سەرلەبەری گوتار

و دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لە هەر شوێن و کونجێکی ئەم دنیایەدا بن، وامان پێ دەڵێن: پێمان دەڵێن ئافرەت واتە زەعیفەیە، واتە کەم عەقڵە، واتە هاوتای سەگ و کەرە، واتە سەرچاوەی مەترسیی هەرەسهێنانی ئەخلاقە…؛ بەڵام کامە ئەخلاق؟ ئەو ئەخلاقەی چوار ژن لە بەرانبەر پیاوێك دادەنێ؛ لە میراتیش نیوەی بەشی ئەوی دەداتێ؛ ئەو ئەخلاقەی ژن دەکاتە ئامێری منداڵبوون و سێکس؛ ئەو ئەخلاقەی ژن دەکاتە کۆیلە و کەنیزەك لە شەڕی فتوحات و حەڕی لە بەهەشتی پیاواندا؛ ئەو ئەخلاقەی بە پیاو دەڵێ، ئەمە شەرعی خوایە، لە ژنەکەت بدە! ئەو ئەخلاقەی، چونکە ئەخلاقی دەسەڵاتی پیاوە، هەمیشە لە بەرژەوەندی پیاودا، ئافرەت تاوانبار دەکا و بە سەرچاوەی هەموو بەدەوشتییەکی کۆمەڵگەی دادەنێ. ئا حیجاب دەلالەت لە بوونی ئەم بەدەوشتییە دەکا، کە لە ڕوانگەی گوتاری ئیسلامییەوە لەڕ جەستە و لە بوونی کۆمەڵایەتی ئافرەتدایە.

بەختیار محەمەد

ئاگری سارد.. فەرهاد کەریم

دەرەوە سارده و ژووره‌وه گەرم
مرۆڤ لە دەرەوە گیی گرتووه
چۆڵ لە ساردی دەرەوە وەرناگرم ئاگر لە ژیان بەربووه
دەرگا داخە با ئاگر نێتە ژووره‌وه
سەرمامان دەبێ بەو ئاگرە سارده
فڕە ئاور خواردنبە و بە ئاگر خێت بشێ ئاور فڕە زمانکە
بە گێ بێ پشووێ ژیان تازێ هەناسەی فێنکی دەوێ
لە دەرەوە هەنگاوەکانی نەرمکا
گەرمی لە فرمێسک فڕبێ
هەناسەی ساردی لە ئاو
ئاگر لە ژیان بڕۆ و خێی بشوا بە ژیان
ئاگر ئاو بێ و ژیان نەخنکێ
ژیان بخنکێ ئاگر دەمرێ
ئاگرم خۆشدەوێ ژیان نەسووتێ
ژیان جوانە بە ئاگر گەر سارد نەبێ

بە ئاگری سارد ژیان دەسووتێ
مرۆڤ ئاگر دەکاتەوەو لە سووتانی سارد ناترسێ
پەیوەندی من و ئاگر کێنە
هێندەی لە مرۆڤ دەترسم لە ئاگر نا
بەو ئاگرە ساردەت سووتاوم مرۆڤ
سەرت لە گیرفانت پەستە
پاڵ بە سەرتەوەنێ با لە گیرفانت بنوێ
دەمەوێ بڵێمە دەرەوە لە ئاگری سارد و سووتان نەترسم
فوو لە ئاگری سارد مەکە لە ئاگری سارد وەرە دەرێ
بە ئاگری سارد سەرمامان دەبێ
بە سەرما دەمرین
ئاوێ بە ئاورە ساردە داکە
ژیان ئاگری دەوێ
بەو ئاگرە ساردەت زەوی سەرمای بووەێ
ئاو گەرمکەن بێ شووشتنی زەوی
زەوی لە سەر مەرگە
لە کوێ زەوی بنێژین
گوو لە کوێ کەین

کتێبێک لە بارەی عەبدوڵا پێشەو چاپ و باڵاو دەکرێتەوە

کتێبێکی دیکەی سەدیق سەعید هەواندزی، بە ناوی (لە ژێر ساباتی شیعری پێشەودا،) لە ئایەندەیەکی نزیکدا چاپ و باڵاو دەکرێتەوە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، خوێندنەوەیە بە شیعرەکانی عەبدوڵا پێشەو، کە تیایدا نووسەر خوێندنەوەی بە چەند شیعرێکی نێتۆیی و هەڵمانسی و سیاسی پێشەو کردووە. بە تایبەتیش ئەوشیعرانەی لە بارەی کوردستان و مەنفاو پەیوەندی هەوی شاعیر بە کوردستانەوە نووسراون.

پەکی نیگا.. دەکەش قادر

ئەمشەو نیگام دەچێتەوە سەر ئەو پەکانەی
لەکەتا خەیاڵ بەشمان کرد
پەکە لە نیگای حەز
پەکی لە نیگای مەستی
پەکی لە نیگای هەڵگەفین و لە دەستوەردان
پەکە لە نیگای زیندانیکردنی سەو
کەشافەی ئەم حەزەم
دەچێتەوە سەر دواهەمین خەیاڵ و
لەتکردنی حەز
من مایستری ئەو خەونەبووم
کە لە داوێنی گوڵگەنمەکەوە ترازانە حەوشەی
خەزانتەوە.
ترزا بەندی پەیمانی نەوان دوو گوندان و
دوو زیندان.

دەکەش قادر
سلەمانیی